## تێزی ٥٥: حامید: جیهاد دەبێ وەك مودێلێکی کۆن سەیر بکرێ و ئیزنی پێ نەدرێ وەك ئاسانسۆرێکی ڕاستەوخۆ بۆ گەییشتن بە بەهەشت کەڵکی لی وەرگیرترێ

بە دوای کارەساتی ١١ی سپتامبری ساڵی ٢٠٠١ لە ئەمریکا, زۆربەی عالمان و ڕووناکبیرانی ئیسلامی هەوڵیان داوە وەڵامێکی دروست لەهەنبەر ئەو مرۆڤ کوژییە بدۆزنەوە. پشکێنەری ناودار یوسف ئەلقەرەزاوی "Yūsuf al-Qaradāwī" ڕساڵەیەکی دوور و درێژی لە ژێر ناوی "لە جیهاد تێبگەین" نووسیوە بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی شەڕخوازی بە لکاندن بە کارێکی ئیلاهیەوە ڕوون بکاتەوە. هەروەها ویستویە بیسەلمینێ کە تاوانکارەکانی ١١ی سپتامبر بە پێی پرنسیپەکانی ئایینی ئیسلامی هەڵس و کەوتیان نەکردووە.

من ئەو کات خۆم لەگەڵ ١٤٠٠ لاپەڕەی کتێبەکەی ماندوو کرد و بەدوای بەڵگەیەکی گونجاو کەوتبووم بەڵام بەداخەوە هیچ بەڵگەیەکم تێدا نەدۆزییەوە. ئەلقەرەزاوی "Al-Qaradāwī" جیاوازیی دادەنێت لەنێوان "شەڕی خۆپارێزیی" کە ئەگەر بێت و وڵاتەکەی یاخود ئایینەکەی بکەوێتە ژێر مەترسیەوە لەسەر هەموو موسوڵمانێک واجیبە؛ و "شەڕی سنوورشکێنی و دەستدرێژی" کە لە خزمەت بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامدا بێت. لە حاڵەتی شەڕی خۆپارێزییدا دەتوانێ و دەبێ هەر موسوڵمانێك دەست بۆ چەك بەرێ تەنانەت ئەگەر بەرپەرسانی وڵاتەکە بە شێوەی فەرمی بانگەوازی جیهادیان بۆ ئەو کارە نەدابێ. ئەو هەڵس و کەوتە لە ئەگەری شەڕی سنوورشکێنی و دەستدرێژیکردن بۆ وڵاتانیتردا شێوازێکیتر بەخۆیەوە دەگرێت. لێرەدا ئەرکی شەڕەکە لەسەر شانی حاکمان یاخود خەلیفە ئیسلامییەکانە کە دەتوانن بۆ پێکهێنانی جیهاد موسوڵمانان هان بدەن و بڕیار بۆ شەڕ بدەن. ئەگەر ئەو بڕیارە بدرێ، دەبێ هەر موسوڵمانێك سەری بۆ دانەوێنێ و بە بێ ئەملا و ئەولا وەدوای بڕیارەکە کەوێ.

ئەو بارودۆخە تەوەرێکی باوەڕپێکراوی ئایینیە، کە ڕاستەوخۆ لە پەرتووکی قورئان و هەڵس و کەوتی پێغەمبەرەکەی سەرچاوەدەگرێت. باسکردن لەسەر چەمکەکانی وەك: "بچووك" و "مەزن" یاخود "جیهادی ڕاستەقینە" تەنیا یارییەکی ووشەیی بە تەوەرەکەیە. تەنانەت ئەگەر جیاوازیش لە نێوانیان دابایە، یا ئەگەر بەڵگەی پێویستیش لە پەرتووکی قورئاندا هەبێت – یاساکانی رەوتە سەرەکیەکان، تەفسیری تایبەتیی خۆیان بۆ پێکهێنانی ڕووداوەکان هەیە.

جیا لەوەش، لێرەدا مانای چەمکەکان زۆر گرنگ نین، باوەکوو ئەوە کونسێپت و کاردانەوەن کە لە پشتی تەوەرەکان ڕاوەستاون. بۆ وێنە کرداری "جیهاد" لە پەرتووکی قورئاندا کە بەڕوونی بە مانای "شەڕ لە ڕێی خودا" دا هاتووە، لە هیچ جێگایەکیتری پەرتووکەکەدا لەگەڵ حاڵەتە دەروونی یاخود رۆحانی و واتاییدا نابینرێ. سەرەڕای ئەوەش لە پەرتووکی قورئاندا چەمکی یقتل "yaqtul" کە بە "کوشتن" یاخود شەڕی چەکداریی مانا دەکرێتەوە بوونی هەیە. هەموو ئەو سووڕانەی ئەو چەمکەیان تێدا هاتووە، جەخت لەسەر هەڵس و کەوتی شەڕخوازانە دەکەن کە وەك ویست و ئەمری ڕاستەوخۆی خودا بڕیار بۆ سەربڕین و کوشتنی مرۆڤی بێ دین دەدرێ.

تەنانەت ئەو ١٢٠ عالمە ئیسلامیانەی لە سەرانسەری جیهانەوە نامیلکەیەکی ڕەخنە ئامێزیان دژ بە هێرشکارییەکانی داعیش بڵاوکردۆتەوە، کونسێپت و جیهادی خەلیفە ئیسلامییەکان ڕەد ناکەنەوە، باوەکوو تەنیا سەرۆکی داعیش واتە ئەلبەغدادی "al-Baghdadi" بە خەلیفەی ڕاستەقینە دانانێن و جیهادەکەی بە فەرمی ناناسن. ئەو نامیلکە سەرئاواڵەیە بە ڕاشکاوی لە ڕوانگەی سیاسییەوە بڕیار دراوە چونکە هەر هەموو ئەو عالمە ئایینیانە لەژێر کارتێکەری سیاسی سەرۆکی وڵاتەکەیاندان. چونکە ئەگەر ئەوان وڵاتی خەلافەت و جیهادی ئەلبەغدادی یان بە فەرمی بناسیبایە، ئەوکات دەبوو ئەو شا و سەرکۆمارانەی پارەیان لێ وەردەگرن و ژیانیان بۆ دابین دەکەن لە خۆیان برەنجێنن و بارودۆخی خۆیانی پێ خراپ بکەن.

لەبەر ئەو هۆیانە، من بە کات بە هەدەر دانی دەزانم لە چەمکەکان بە شێوەیەکی ئاکرۆباتیك کەڵك وەربگرم و کونسێپتیەکە کە لە کردەوەیەکی گەلێك تووڕەوە سەرچاوەی گرتووە بە ڕازاندنەوەیەکی مانادار هەمیسان زیندوو بکەمەوە. نا، جیهاد وەك چەمکێکی شەڕخوازانەیە و هەر واش دەمێنێتەوە. جیهاد کردەوەیەکی عەمەلییە و وەك خۆی دەمێنێتەوە، کە ئێش و چارەڕەشی و کاولکاریی بۆ مرۆڤی ڕابردوو و ئەمڕۆی بە دیاری هێناوە و بەردەوام دەشیهێنێ. ئەو چەند ملیۆن مرۆڤانەی لە شەڕە داگیرکارییەکانی ئیسلامیدا لە مێژووی ١٤٠٠ساڵی ڕابردوودا گیانیان لە دەست داوە، وەك قوربانیانی ڕاستەوخۆی ئەو شەڕە بە ناو پیرۆزە لە ئەژمار دێن. بە ملیۆنان ژن و کچ و منداڵ کە وەك کۆیلەی شەڕ لە لایەن شەڕکەرانی ئایینیەوە بە دیل گیراون، دەستدرێژی سێکسیان لەسەر کراوە و کڕین و فرۆشتنیان پێ کراوە، ئەوانە هیچ مانا و تامەزرۆییەك بە گۆڕان بەسەرداهاتنی چەمکەکە نادەن و لە کارەساتەکان هیچ شتێك کەم ناکەنەوە.

بەو هۆیەوە چاوەڕوانی من لە عالمێکی مودێرنی وەك ئێوە ئەوەیە کە ئیتر هەوڵ نەدەن ئەو چەمکە بە ڕۆحێکی مرۆڤ خۆشەویستانەی نوێوە بلکێنن یا هەوڵی زیندوو کردنەوەی بدەن، بەڵکوو دەستی لێ هەڵگرن و بیخەنە زبڵدانی مێژووەوە و بۆ هەمیشە لە گۆڕی نێن. من پێمخۆشە لە ئێوە ببیستم کە چەمکی "ئاشتی" و "شەڕ" لە نێوان خەڵکانی ئەمڕۆییدا ئەرکی ئایین نین باوەکوو ئەرکێکی نێونەتەوەیی یاسایین و دەبێ لە لایەن بەڕێوەبەران و پسپۆڕانی مافی مرۆڤی جیهانییەوە بەڕێوە بچن و ڕوون بکرێنەوە. جیهاد کێشەیەکی دنیای کۆن و دوێنێ بوو، شەڕیش هەر شەڕە، ئیتر پێویستی بەوە نییە بەسەریدا هەڵبلێین، تەنانەت ئەگەر بۆ خۆپارێزیش بێ. ژیان ژیانە و ئێمەش ئەمڕۆ بۆ چێژوەرگرتن لەو ژیانە کورتە لەسەر سەکۆی ئەم جیهانە ڕاوەستاوین، بۆ ئەوەی شتێك یا کارێکی ئەرێنی فێر بین و وەك چاوساغێك بو کۆمەڵگاکەمان بین، بەڵام ئیتر بەهۆی چاوەڕوانی مرۆڤ لە ئیمە وەك ڕۆشنبیرانی دنیای ئیسلام، نابێ خۆمان قوربانی بکەین چونکە ئەو کارە دەبێتە هۆی پێکهاتنی

ئیدیۆلۆژییەکی فناتیکانە. هەروەها هەر کەس شەڕخوازی و مردنی مرۆڤ بە خوداوە بلکێنی یاخود وەك گاڕانتییەك بۆ ژیانی دوبارەی دابنێ، دەبێ وەك دوژمنێکی مرۆڤایەتی چاو لێ بکرێ و بە بێ بەزەیی پێداهاتن لە کۆمەڵگا دوور بخرێتەوە!

درێژەی هەیە ...